**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ( ٥٤٤٤ ) لە ٢٠١٧/١٢/١٧**

## فەرمان

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و ئاماژە بە بڕگەی (٢) لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٨) لە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦) لە ٢٠١٧/٥/٢، و لە چوارچێوەی یاسای دەستەی دەسپاکی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە:

١- پێکهێنانی لیژنەی باڵای هەماهەنگی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم فەرمانەیە، لەم بەڕێزانەی خوارەوە:
- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
- سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.
- سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.
- سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی.
- سەرۆکی دەستەی دەسپاکی.
- وەزیری پلاندانان.
- سەرۆکی داواکاریی گشتی.
- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
- سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

٢- لیژنەی باڵای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە سکرتاریەتێکی دەبێت کە لەلایەن دەستەی دەسپاکییەوە بەڕێوەدەبرێت، و بەرپرس دەبێت لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵا، و ئامادەکردنی کارنامە و کۆنووسی کۆبوونەوە، و داڕشتنی بڕیارەکانی لیژنەی باڵا و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان، و پێدانی ڕاپۆرتی دەوری بە لیژنەی باڵا سەبارەت بە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە.

٣- ڕاسپاردنی دەستەی دەسپاکی بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی لیژنەی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی دیوان و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و بخرێتە بەردەست لیژنەی باڵا بۆ پەسەندکردنی.

٤- پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی لیــژنەی دەسپاکی لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا کاری چاودێری جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئەنجام دەدات سەرەڕای کارکردنی لیــژنەی پەرلەمانیی دەسپاکی بۆ هەموارکردنی یاساکان یان هێنانەکایەی یاسای نوێ بە ئاڕاستەی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی ئاماژەپێدراو بە هەماهەنگی لەگەڵ لیــژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەی لیــژنەی باڵای هەماهەنگی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

٥- پێکهێنانی لیــژنەی لاوەکی بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لیــژنەی باڵا لەسەر ئاستی دامەزراوە و وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بە بڕیاری لیــژنەی باڵا.

٦- لیــژنەی باڵا ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ستراتیژیەکە.

٧- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**ســەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**